# مافی کەرکوک لەچوارچێوەی مافی مرۆڤ و ڕەوایەتی کوردستان بووندا.

***کازیوە ساڵح***

## بەشی سێهەم

## گووتاری سیاسی و عەقلیەتی سیاسی کورد.

1) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵەگەورەکانی عەقلیەتی سیاسی کوردی لە نێو جەمسەرەکانی دوست و دوژمن،باش و خراپ دا لە ڕووی ماف و ئەرک و جیوپۆلیتیکەوە یان پێگەی جۆگرافیای خۆی ، نەیتوانیوە خوێندنەوەی ڕاستی بۆ بەرانبەرەکەی هەبێت و بە شێوەکی دروست بتوانێت داواکاریەکانی بخاتە ڕوو. هەمیشە هەڵە سیاسیەکانی لە مێژوو خۆیدا دووبارە کردوەتەوە .ئەمەش یەکێکە لە سەرەکیترتن ئەو هۆکارانەی کە کورد و دۆزی کورد نەگەشتووە بە ئامانجە دیاری کراوەکانی .

2) بە گەڕانەوەش بۆ شۆڕشە یەک لە دوایەکەکانی کورد هەر لە سەرەتای مێژووە تا ئێستا هیچ شۆڕشێکی کورد بە بێ هەبوونی بەکرێگیراوێکی کورد کە لە ئاستی بڕیارداندا بووە شۆڕشەکە خەفە نەکراوە ، هەمیشە بڕیاردەرێکی کورد نەتەوەی کوردی فرۆشتووە بۆ بەرژەوەندیە کاتی‌یەکانی خۆی و دەستی لە گەڵ دوژمنان و داگیرکەرانی کورد تێکەڵ کردووە ئەگەر لایەنێکی بەرگری‌کاریش هەبووبێت لەناویان بردووە و کوردستانییان خستۆتە ژێر دەستی دوژمنانەوە.

3) بە گەڕانەوە بۆ گووتاری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ، هەمیشە گووتاری سیاسی دوابڕیاری بەرجەستەبووی گەلی کورد بووە ، هەرگیز بۆ گووتارە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی‌یەکان نەگەڕاونەتەوە، ئەوەش وەکو پرۆسەیەکی ئاسایی نێوان هەردوو جەمسەر بووە. جەمسەرێک داوای مافە ڕەواکانی خۆی و پاراستنی لە دەست دوژمن دەکات و جەمسەرێکیش ئەوەی لە لای گرنگ نەبێت مافی داواکارییەکانی ئەوانی داواکار بووە، هەمێشە چاوی چلێسی لە کورسی و بە شاندان و ئافەرینی دوژمنانی کورد بووە و گووتاری ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتیش ئەو خەیانەتەی بە ستراتیژ و تەکنیکی سیاسی ناوزەد کردووە و ئەویش دیسان کەوتۆتە هەڵەی خوێندنەوەی گووتاری سیاسی کوردی ، بەو شێوەیە کۆمەڵی کوردییان بەرەو کۆمەڵێکی ئیستیهلاکی ترسنۆک و چەواشەبردووە نەک بەرهەمهێنەر. ژێر دەست و دۆراو بردووە نەک سەربەخۆ خاوەن متمانە ، هەر کۆمەڵێکیش ئیستیهلاکی بوو سەرجەم تێکۆشان و قوربانی و مافەکانی دەچێتە چوارچێوەی خەباتێکی نەهیلیستی‌یەوە کە هیچ دەرئەنجامێکی پۆزیتیڤی لێ ناکەوێتەوە جگە لە فیڕۆ چوون.
ئەمڕۆ پاش ئەوەی زیڕینترین دەرفەت بۆ گەلی کورد ڕەخسا کە لە هیچ مێژوویەکدا ئەم دەرفەتە نەڕەخساوە و جارێکی‌دیش دووبارە نابێتەوە، بەڵام ئەو هەل و دەرفەتە کرا بە قوربانی گووتاری دۆگمای سیاسی و پڕبەرژەوەندی کورد. سوود لەو دەرفەتە نەبینرا لە پێناوی مانگێک دەستەڵاتدارێتی‌دا. سەرجەم ماف و خواستی یاسایی و کەسێتی یاسایی کوردیان کرد بە ژێر پلانی نامەشروعی خۆیانەوە ، هەتا ئێستاش گووتاری ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی کوردی نەیتوانیوە خۆی بەرپرسیار بزانێت و وەکو هێزێکی فشارهێنەر بۆ سەرجەم هێزە خۆماڵی و دەرەکی‌یەکان بە هونەری سنوورکێشان لە نێوان جەمسەرە جیاوازیەکاندا بۆ دیاری کردنی مافی نەتەوەیی و سەروەری گەلی کورد کە ئەمڕۆ ئەوەشی هەیبووە کەوتۆتە بەر مەترسی نەمان و بە دەست چەند کۆمبارسێکی دۆڕاوی سەرتەختی هەراجکاری سیاسی و

ئەو پرەنسیپە پراکتیک دەکەن لە گەڵ کورددا. ئەم کردەیەش دژی سەرجەم بەندەکان و پرۆتۆکۆلەکانی مافی مرۆڤن کە ئاسایش و ماف و شوناس و چارەنووس بۆ هاووڵاتیان دەستنیشان دەکات.بەلام لە بەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی کورد ئەمرۆ لە پۆخڵەترین یاری زلهێزەکاندا دەستیان تێکەڵاو کردووە پێشلکاریەکانیان نادرێت بە رووداو هەتا لە ئەزمونگای بە کارهێنانی یاریە دۆراوەکاندا دەریان دەهێنن ودەیانخەنە کەناری تاوانەکانەوە .ئەو کات لە بری ئەوان نەتەوەی کورد قەرەبووەکەی دەدات .

## دەرئەنجامە هەنوکەیەکانی گووتاری سیاسی .

ئەوەی ئەمرۆ لە شەقامی سیاسی کوردیدا ڕوو دەدات بەرانبەر بە کێشەی کورد بە گشتی و کەرکووک بە تایبەتی ، گەڕانەوەی چارەنووسی کورد و کەرکووک بۆ 30 ساڵ بەر لە ئێستا بۆ کەمتر لە قۆناغە ئۆتۆنۆمی‌یەکەی ساڵی 1970 دەستێکەڵاوکردنێکی ئاشکرایە لە گەڵ دوژمنانی گەلی کورد ، هیچ یاساو پرەنسیپێکی مرۆڤایەتی ڕێگە بەو ئاکارە دژە نادات ،بۆیە پێویستە گووتاری ماڵی کوردی ئەمرۆ بگەیەنرێت بە ترۆپکی یاخی بوون.بەر لەوەی جارێکی دی خەڵکی سیڤل قەرەبووی رکی دوو بەرەکی و بەرژەوەندی کەسی ئەو دوو دەسەڵاتە بدات .چەندین بەڵگە و بۆچوونیش ئەو راستیە دەسەلمێنێت لەوانە :-

※) ئەگەر سەیری مێژووی تورکیا و تورکمانەکانی دژ بە کورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت لە قۆناغی ڕزگاری خۆیاندا ئەو توانای فەراهەمیان هێنا و لە ماوەیەکی کەمدا بوون بە هێزێکی سەربازی گەورە بە هۆی ئەوستراتیژە سیاسیەوە بوو ،کاتێک کەمالیستەکان چوونە سەر حوکم یەک ڕێباز و هێز و یەک دەست خەباتیان کردووە هەتا هێز و سەروەری خۆیان لە ووڵاتەکەیاندا چەسپاندوە بوون بە ووڵاتێکی ئامادەباش بۆ سەرجەم نەهامەتیەکان ئەو کات بیریان لە فرەحیزبی وفرە کاری جیاواز کردوەتەوە . بە پێی هەواڵەکانی ئەم دوایە، تەنانەت عەرەبە دواکەوتوو رەگەز پەرستەکانی عێراقیش کە هەتا دوێنێ لە یەکیان سەردەبری ئەمرۆ کاتێک زانیان ئەگەر یەکگرتوو نەبن لەوانەیە کورد هەندێ مافی وە دەست کەوێت کە لە دەرەوەی خواستی ئەوانە ، زانیان بە یەک دەنگیان لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقدا قازانج دەکەن لە سەروو هەموو جیاوازیەکانەوە بە سونی و شیعە و شیوعی و گروپە ئیسلامیە جیاوازەکان و بەعسیە کۆنەکانیش بوون بە یەک بە ناوی نەتەوەی عەرەبە وە

کەواتە مێژوو سەلماندوویەتی کە لە قۆناغی ڕزگاریدا پێویستە هەموو هێز و دەستەلات و گەڵ یەک بێت هەتا دەگەنە ئامانجەکانی خۆیان لە سەر ئاستی دەرەوە کاتێک گەشتن بە ئامانج ئەو کاتە دەتوانرێت بیر لەئاستی جیاوازی بیرو باوەڕ و فرەیی بکەنەوە. بەڵام دەستەڵاتدارانی کوردستان هەمیشەو تا ئێستاش پێچەوانەی ئەو هاوکێشەیان کردووە و چاویان لە بەرژەوەندی نێوخۆیی خۆیان بووە ، تەنانەت کاتێکیش چەند ساڵە پەیمانی یەکبوونیان بەو خەڵک داوە ، پەیمان و قەسەی خۆیان نەهێناوەتە جێ ، کە ئەگەر ئێستا گەلی کورد دادگای سەربەخۆی هەبێت ڕووی تێ بکات ، دەتوانێت بە ناوی فێڵ و پلانگەڕییەوە سکاڵایان لە سەر تۆمار کەن ، چونکە ئەوەی لە ڕووی یەکبوون و هێزی خەڵکەوە لە ڕووی ئارام و ئاسایش و برایی‌یەوە لە ناو خەلکدا پێویست بوو بێنێتە ئاراوە ، ئەوان پێچەوانەکایان کرد و بوون بە هۆی فیتنەیی و دووبەرکی و براکوژی ئەمەش لە یاسادا هێندەی چاوخشاندنێکی من بە یاساکاندابە پێی ماددەی 200 برگەی 2 سزا دەدرێت کە لە وانەیە یاساناسێک بلێت سزاکەی زۆر لەوە قورسترە لە مافی مرڤیش دا بە دژەکاری 28 مادده دەژمێردرێت لە بری کۆی 30 مادده بۆ مافە سەرەتاییەکان ،جگە لەوەی وەکو زانراوە کوردستان تا ئێستا خۆی بە عێراقەوە بەستووە ، عێراقیش پابەندی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤە ، ئەو جۆرە بڕیار و کردانانەش بە بێ خواستی خەڵک دەچێتە چوارچێوەی پێشێل کردنی یاسا ودەستورە نێو دەوڵەتی و ناوخۆیەکانەوە .

بەڵام ئەو تاوانانە بە تەنیا لەگەڵ مادەی 26 ی دەستووری عێراقی وێک دێتەوە کە تێیدا هاتووە:

((ئازادی ڕادەربڕین ، بڵاوکردنەوەو کۆبوونەوە ، دەرکەوتن و درووست کردنی حیزبی سیاسی و سەندیکای کرێکار و کۆمەڵەکان ئازادییەکی دانپێدانراوەو بە پێی ئامانج و دەستوور لە سنووری یاسادا. وەکو زانراویشە ئەو ماددەیەو ئەوانی دی بێناوەرۆک دەمێنێتەوە بە پێی تەشریعاتەکانی داهاتوو بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش ))

دیارە حیزبی کورد و دەسەڵاتی کوردیش ئەمڕۆ بە پێی ئەو بڕیارەی سەددام دەڵێت: خەڵک بۆی هەیە ئازاد بێت بەڵام پێویستە ئەو ڕازی بێت و بڕیاری هەبێت بۆی ، لەو کاتەدا ئازادیەکەی واتا ئازادی دژی ئەو کەسانەی کە دژی ئەوی دەستەڵاتن پراکتک دەکەن و هەموو ئەوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن متمانە دەخاتە سەر تەشریعات و دوا بڕیارەکانی ئەوان نەک وەکو ئەوەی لە بنەمادا لە یاساکان و بەندەکاندا هەیە.

*) مانەوەی هەر دەسەڵاتێک بە نیازی دەستێوەردانی سیاسی و کێشەی ناوەکی وەدەرەکی دەوڵەتێکی دەستێوەردراو پێی ماددەکانی پێشوو برگەی 200 کە باسمان کرد. بۆ ماوەیەکی کاتیی دەتوانێت بەردەوام بێت لەو دەستێوەردانە .وە بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش دەوڵەت و نەتەوەی دەست تێوەردراویش دەتوانێت بڕیارەکانی خۆی بخاتە ڕوو ، بەر لە جێگیر بوونی بڕیار و سنوورەکانی ناوخۆ کە لە گەلاڵە بوون و جێبەجێ بوونیدا پێویستە لایەنی دەستێوەردەر دەست لە هەموو کاروبارێکی لایەنی دەستێوەر دراو بکێشێتەوە ئەو دەرئەنجامەی کورد هەلی نێوان ماوەی ئەو دوو لایەنەی قۆستەوە بۆ تەسریحدان و هەڵکێشانی عەرەب و تور ک وفارس لە پێناوی مانگێ دەستەڵات و بردنەوەو ڕاکێشانی دوژمنان بە لای خۆیاندا بۆ ئەوەی بڵێن فلان دەسەڵاتداریان لەوی تریان باشترە و پەیوەندیەکانی خۆیانیان لە گەڵ ئەو دوژمانەدا پتەو بکەن ، لە بری چارەنووسی کورد ستراتیژی چارەنووسی ئەوی دی لای دوژمنەکانی ڕەش بکات و خۆی بەرێیە پێشەوە بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەگەر هەلی بۆ ڕێک کەوت بتوانێت و پشتگیری تەواو کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی تر لە ناو بەرێت ، ئەمە ئەو خیانەتەیە لە مێژووی کوردا هەمیشە دووبارە بووەتەوە ، ئەوەش مانای نیاز پیسی و بەرژەوەندی خواستن دەکات کە لە برگەکانی پێشودا باسمان کرد بە پێی چ مادەیەک سزا دەدرێت ، تواندنەوەی بەرژەوەندی نەتەوەیەکیش لە بۆتەی بەرژەوەندی کەسیدا دیسان دژی سەرجەم بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆمافی مرۆڤ .

*) هەموو ئەو سنوور و بڕیارانەی کە بۆ کورد دانراون لە بەرژەوەندی دەستەڵاتدارانی کورد و سنووری دژ بە مرۆڤی کورد و لە بەرژەوەندی دوژمنانی کوردەو هیچ ئامانجێک بۆ گەلێک فەراهەم ناهێنێت کە هەزارانی بۆ کرد بە قوربانی ولە پێناویدا بۆ بە خاوەنی هەڵەبجە و ئەنفال .

*) سەرجەم ئەو بڕیارانە و ئەو دۆخەی پاش ڕووخانی سەددام هاتوونەتە ئاراوە پێچەوانەی خواست و بەرژەوەندی کورد بووە و ڕۆژ بە ڕۆژ پیرۆزیی کێشەکەی گچکە و نابووت کردووە ، ئەوەش ئەو گوومان و پرسیارەمان لا درووست دەکات کە:

ا- ڕاپەڕین و ئەو هەموو شەهیددان و قوربانیەیە لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا بوویێت نەک کورسی .

ب) کاتێک دادگایی کردنی سەددام هەڵدەوەشێتەوە و ئەوەشی لیژنەیەکی لەوجۆرەی هەبێت زیندانی دەکرێت و ڕاوەدووی دەنرێت، ئەوە دوو گریمانە و گومانمان لا دروست دەکات ؛

یەکەم: بپرسین کێ و کێ لە مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە دەستی هەبوو؟ئەو ترسەی لای دەسەڵاتی کوردی هەیە چییە لە سەدام ،کە تەنانەت پاش دەستگیر کردنیشی هەموو خۆپیشاندان و فشار خستنە سەر لایەنە جیاوازەکان بۆ دادگای کردنی ڕەت دەکاتەوە و بێ دەنگی تەواویان بەرانبەر هەموو بڕیارەکانی سەبارەت سەدام هەڵبژاردووە .

دووەم ؛دەستدرێژی کردنە سەر خەڵکانێک کە دژی دادگای نەکردنی سەدام دەوەستنەوە و پەیڕەو نەکردنی بچووکترین مافی دیموکراسی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت و پێشێل کردنی مافی بەرگری کردن و ئازادی ڕادەربڕینە . پێچەوانەی هەر سێ بەندەکانی (5 و9 و19 )ی مافی مرۆڤن کە تێیدا هاتووە (( نابێت هیچ کەسێک بخرێتە ژێر ئەشکەنجەدان یاخوود مامەڵەو سزای توووند و نامرۆیی یاخوود سووکایەتی کردن بە کەرامەتی –مادەی 5)).
) نابێت هیچ مرۆڤێک بە زۆر سەرنگوون و زیندانی بکرێت ماددەی9 ": (( هەموو مرۆڤێک مافی ئازادی و ڕادەربڕین و گوزارشتکردنی هەیە ، ئەو مافەش هەلگرتنی بیرو ڕاکان دەگرێتەوە بە بێ سەغلەت کردن هەروەها وەرگرتن و گواستنەوەی هەواڵ و فیکر دەکات بۆ خەڵک ، بە هەر هۆکارێک بە بێڕەچاو کردنی سنوور...مادەی 19)).
بۆ مەسەلەی گریمانەی هەڵەبجە و ئەنفالیش ئەگەر وا دەربچێت پێویستە سزایان لە سەددام قورستر بێت. لەوانەیە ئەوەش یەکێک لەو هۆکارانە بێت کە بەرگری لە دادگایی نەکردنی سەددام دەکەن.
وەئەگەر لە سێ بەندەکەی‌تریش بنوارین بۆمان دەردەکەوێت کە زۆرترین خەڵکی کوردستان مافی سکاڵا تۆمارکردنیان هەیە لە دادگادا دژ بەو دەسەڵاتانە کە لە لایەک یاری بە چارەنووسیان دەکات و لە لایەکیش پێشیلی یاساکانی مافی مرۆڤ دەکات و نەشیاوانە دەیچەوسێنێتەوە .

*) وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە دەستی وەردا لە سەروەری عێراق لە ڕێگەی بەکارت کردنی یەکەم کورد و دوای کوێت بوو، ئەو بە کارتکردنە زۆر شتی بۆ کورد دەکرد ئەگەر بیزانیبایە بە کاری بهێنێت چۆنکە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە پاش کارەساتی 11 سیپتەمبەر لە ئەمریکادا دەستێوەردان شێوازی دی لە خۆ گرت و ئەمریکا شەرعیەتی دەستێوەردان و ماف دان و ماف لێسەندنەوەی هەموو جیهانی دا بە خۆی و کوردیش لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە سەرجەم نەتەوەکانی‌دی لە ئێستادا کە ئەمریکا کاری پێیە نزیکترە و بەڵام دەسەڵاتدارانی کورد ڕۆڵی دەسەڵاتدار بۆ چەوسانەوەو خواردنی مافی کورد و نۆکەر بۆ ئەوانیان بینی.

*) کردار و گووتاردانی پێچەوانەی یاساکانی مافی مرۆڤ، ئەو جۆرە گووتانەی کە دەبنە هۆی دووبەرەکی و ڕەگەزپەرستی و ڕک وکینە وەکو (( کەرکوک با کەرکوکیان بچن بیگرنەوە ...)) ، کاتێک مروڤێک لە سەنتەری بریاردانا دەگات بە ئاستێک لە نانەوەی دووبەرەکی و ڕەگەزپەرەستی و ئیفلاسی ڕۆحی بەرانبەر پارچەیەکی دی لەیەک گیانی چەوساوە و پر برین ئەو کردەوەو گووتاری تەواو دژی یاساکانی مرۆڤایەتی و پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکانە بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزپەرەستی کە بە بریاری 2106 ) (م ، 20) مۆ کراوە و لە ڕۆژی 21 دیسەمبەری 1965دا و دژ بە سەرجەم بەندەکانیەتی کە لە (25) بەند و نزیکەی 8 برگەپێک هاتووە، هەروەها دژی ماددەی 200 برگەی 2 ی یاساکانی عێراقیشە کە کورد هێندە شانازی پێوە دەکات (بەندەیان) بەو مادەیە سزا دا لە کاتێکدا هیچ پەیوەندیکیان بە مادەکانی سزادانی رۆژنامەوانییەوە نیە و رۆژنامەوانەکەش هیچ پابەندێکی بە عێراقەوە نیە . گوایە بۆ ناکرێت دەسەلاتدارانی عێراقی پەرست و بە کارهێنەرانی ئەو یاسایانەی پێ سزا نەدرێت لە کاتێکدا پێشێلی مادەکەو یاساکە دەکەن .
*) دابشکردنی خاکی کورد بە سەر دوژمنانی کوردا ، بە بێ ئەوەی پرس بە شەقامی کوردی یان لانی کەم خەڵکی ئەو ناوچەیە بکرێت ، یان بە بێ ئەوەی تەنها بیر لە ئەمرۆی بەرژەوەندی خۆیان و رکی بەرانبەرەکەیان نەکەنەوەو خۆیندنەوەیەکی مرۆڤانەیان بۆ نەهامەتیەکانی کورد هەبێت و بیر لە دوارۆژ و لەوە بکەنەوە کە تورکاندنی خاکی کورد تەنها کاری سیخورانەو هیچ بەرژەوهندێکی کوردی تێدا نیە ، سالانی داهاتوو توورک دەتوانێت دەست بە سەر خاکی کوردا بگرێت بەو جۆرە سیاسەت و ستراتیژە کەمالیستیانەی کە پێشتر باسمان کرد .دەسەڵاتی تورک راکێشانە بۆ ئەو

ناوچانەی دی کە نەوتی تێدا بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتودا تەنها لە نەوتی کەرکوکدا بەشیان نەبێت بەڵکو لە ناوچەکانی دیشدا خاوەنی نەووت و دەسەڵات بن بۆ توانەوەیً کورد ..راکێشانی بازرگانە تورکەکان بۆ کردنەوەی پرۆژە بازرگانیە سیاسیەکانیان ، بۆ تورکەکان کوشتنی دوو چۆلەکەیە بە یەک بەرد ، دووبارە کردنەوەی ئەو مێژووشە کە کەرکوکیان پێ داگیر کرد بە دەسڵاتە مادیەکانیان ،ئەمرۆ بە هاوکاری تەواوی دەسەڵاتی کوردی ئەو ناوچانەیً نەدەکەوتە ژێر دەستیان بە ناوی جیاوازەوە دەخرێتە ژێر دەستیان.

.بەڵام ئایە ئەو دەسەڵاتەی ئەو کردەیە دەکات بە ئامانج لە خەڵەفان و نەزانیوەیە یان بە پێی پەیمانی ژێر بە ژێری خۆیان بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبی خۆیان نەک دۆزی کورد و داهاتووی کورد عەو کارە دەکات ؟ چونکە لاوازترین عەقڵ ناتوانێت ئەوەی پێ لێک نەدرێتەوە کە بە تورک کردنی بستێک لە خاکی کوردستان چ خیانەتێک دەبەخشێت و نەزانێت تورک چ نیازێکی بەرانبەر کورد هەیە ؟ نەزانێت داهاتووی ئەو کردەی دۆزی کورد بەرەو کویً دەبات و چ گورزێکی کوشندەیە بۆ کورد. بەڵام کاتێک دەسەڵاتێک مردووانە و سواوانە مامەڵە دەکات ، واتیً مردووی بەسی زیندوو خۆرە ،هیچ حسابێک بۆ یاساکان بۆۆ هاوار نیگەرانی سەقامی کوردی ناکات ، ئەوە دەسەڵاتێکی مردوە ، واتە مردووی بەشی زیندوو خۆرە ، ئەوەش هەیە بە هۆیەوە لە کیس دەچێت.کاتێکیش گوتاری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ناگەرێتەوە بۆ یاسان و نایکات بە بیانووی داواکاریەکانی ئەو کات شەرعیەت بە حوکمی مردوو دەدات بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکانی ، ئەوەش دەرەوەی عەقڵانی بوون و راستی و ماف دەگرێتەوە کە لە نووچ دانی تەواودا تیشکی پەشیمانی لێوە پەخش دەبێت .

September ,2004
.CANADA